# گەندەڵی لە هەرێم ، پەتایەکی کوشندەیە، چاوەڕوانی چاکسازی یە ....

خالد گراوی
Khalidabdula2000@yahoo.com



گەندەڵی لە چەمك و ناوەڕۆك بە واتای بۆگەن بون ، ڕزین ، خراپ بوون دێت ، لە فەرهەنگی سیاسیش بە خراپ بەکار هێنانی وەزیفە دێت واتە (کارکردن لەسەر بەژەوەندیە خودی وتاکیەکان دوور لەبەرژەوەندی گشتیەکان ) .

گەندەڵی دیاردەیەکی کۆنە لە مێژوی مرۆڤایەتی ، لە زۆربەی ولاٌتەکانی جیهان بوونی هەبوە ، لەگەڵ پێشکەوتنی سیستەمە سیاسیەکان وتێگەیشتن وزیاد بوونی هزرە مرۆڤایەتیەکان و ، لەزۆر ولاٌتدا هەوڵی گۆڕانکاری بۆ دراوە و و تا ڕادەیەکی زۆر لە سیستەمە دیموکراتەکان توانراوە ڕێگری لە پیادە کردنی بکرێت ، بە پەند وەرگرتن لە تێکشکانی ڕژێمە کۆنەکان، لەتێڕوانینیان لەسەر ئاکامە ترسناك وخراپەکانی و دەرهاویشتەکانی بەردەوام بون کارکردن لە سەری .

گەندەڵی لە ئیدارە و کارگێری و دارائ و دزینی سامانە گشتیەکان ، مێژویەکی دورو درێژی هەیە ، بەڵگەی زۆریش هەیە، لەکۆنەوە یاسا توندەکانی دانراو بۆ بەرپەچ دانەوە و نەهێشتنی ئەم دیاردەیە ، لە یاسای حامورابی و یاساکانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمان ، سەلێنەری ئەو ڕاستیەن .

ئاینە ئاسمانیەکانیش ، هەریەکەیان بەجۆرێك دەست درێژ کردنە سەر سامانە گشیەکانیان قەدەغە کردوە بەتایبەتی دینی ئیسلام لە چەندەها شوێن لە قورئان و فەرمودەکانی پێغەمبەر باسی لێوەکراوەو بە حەرامی داناوە .

گەندەڵی کۆکردنەوەی سەروەت و سامانە بەرێگای حەرام و مرۆڤ بەرەو لوت بەرزی و تۆغیان دەبات و لە قورئانی پیرۆز هاتوە ( ان الانسان ليگغى ان راى استغنى) ئەمە ڕێسایەکی کۆمەلاٌیەتی یە کەسانێکی زۆر دەگمەن و ڕیزپەڕ نەبێت کەسی تری لێ هەڵنابوێردرێت ....(1)

ئەبو یوسف دەڵێت (کاتێك دەستکەوتەکانی ولاٌتی فارسیان هێنا بۆ عومەری کوری خەتاب چاوی بەم هەموو ئاڵتون و خشڵ زێر و زیوانە کەوت ..دەستی کرد بەگریان ) ، عەبدولرەحمانی کوڕی عوٌف پێ گوت ئەمە جێگای خۆیەتی سوپاسگوزاری لەسەر بکەیت ... ، بۆچی دەگریت ؟ عومەر گوتی خوا سامانی ئاوای نەداوە بە هیچ گەل و هۆزێك ئیلا دوژمنایەتی و ڕق و کینەی خستۆتە ناویان ...

عومەر بەو چاوتیژیەی درکی کردبوو بەوەی ئیسلام لەدوای سەرهەلٌکشان ، ڕوەو نزم بونەوە دەچێت(2) .

(عەلی کوڕی ئەبو تالیب )دەفەرمویٌت ( من ملك استاپر) ئەمەش ئاماژەیەکی تری ڕۆچوونە بەرەو لەخۆبایی بوون لوت بەرزی مرۆڤ .

پێغەمبەری ئیسلام لەسەردەمی خۆی هەوڵێکی زۆری دا بۆ گەڕانەوەی یەکسانی زۆریش جەنگا بەرامبەر دەوڵەمەندەکان و تاڕادەیەکی باش توانی کۆتایی بەم دیاردەیە بهێنێ .

هەرچەندە دوای ئەو شێوازی تری ناشەرعی بۆ کۆکردنەوەی سەروەت و سامان پەیدابوو ، کە دوور لەیاساو ڕێساکانی دین لەسەر شێوەی (حرف)ی کاری لەسەر دەکرا ، چەند ڕێگایەکیان بۆ دەوڵەمەند بوون پیادە دەکرد لەوانە :

کڕینەوەی کۆیلە سەپاندنی باج لەسەریان .

شەراکەت کردن لەگەڵ بازرگانەکان و بە خستنە گەری سەرمایەکانیان و دواتر دابەش کردنی قازانجەکە لەنێوان خاوەن پارە و بازرگان .

پیادەکردنی کرِینی دواخراو ، کە بریتی بوو لە فرۆشتنی کەل و پەل و شتومەکە پێویستیەکان ، بەنرخێکی گرانتر لە بازار کە ئەم جۆرە فرۆشتنە لەلایەن عائیشە ناونرابوو (الربا العاجل) ئەم جۆرە فرۆشتنەش فێڵکردن بوو لەشەرع .(3)

تەبەری دەگێرێتەوە : عومەری کوری خەتاب لەکۆتایی رۆژگارەکانی تەمەنی گوتویەتی : ئەگەر ئەو رۆژگارانەی گوزەراندم بۆم بگەرێتەوە پارەو پولی دەوڵەمەندەکانم دەبردە ، دەم بەخشیەوە بەسەر هەژارانی کۆچ کردوو ....(4)

ئەمرۆش ئەم دیاردەیە لە هەموو جیهان بەگشتی ، کەم یا زۆر بەردەوامە وبە ئاسانی بەدی دەکرێ ، لە هەر کۆمەڵگایەك و شێوەی سیستەمی حوکمەکەی ، بە کۆمەڵێك شێوازی جیا ، بەرپەچ دەدرێتەوە ، بەتایبەتی لە وڵاتە دیموکراتەکان ، کە لە گەڵ سەرهەڵدانی رێگا لە تەشەنەکردنی دەگیرێت .

دیاردەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان مێژوەکەی لە دوای راپەرین دەست پێدەکات ، کە سەرەتاکانی لە ململانێ ی ناشارستانیانەی حیزبایەتی ودەست تێوەردانیان لەکاروباری حکومەتەوە دەست پێدەکات ، لایەنی ئابوری ، بە هۆی ئابلۆقەی ئابوری ، سەرعێراق و کوردستان ، مانەوەی کەلتوری رژێمی بەعس ، ساوایی حکومەتی هەرێم وشەری ناوخۆ لەت بوون و دوو ئیدارەیی ، کە وای کرد بە شێوەیەکی بەربلاَو تەشەنە بکات ، کە رەگ و ریشەی لە زۆر بواری سیاسی ، ئابوری ، دارایی ، پەروەردەیی و کۆمەڵایەتیەکانیشی گرتۆتەوە ، کۆمەڵێك ئاسەواری سلبی لەسەر زۆربەی تاکەکان دەرەوەی کۆمەڵگا دورست کرد (5)، کە ئەمرۆ لە کوردستان زۆر بەرونی بەرچاو دەکەوێت و هیچ لایەنێکی حیزبی و حکومی ناتوانن نکوڵی لێ بکەن و بە هیچ هێزێکیش پەردەپۆش ناکرێ ، بۆتە باسی سەرەکی کۆر و کۆبونەوە حیزبی و جەماوەریەکان .

گەندەڵی بە هەموو شێوازەکانی لە کوردستان ، رۆژ بەرۆژ لە فرەوان بون دایە و، بەرۆکی دام و دەزگا حیزبی و حکومیەکانی گرتۆنەوە ، بۆتە هۆکاری خۆخۆری لە ناوخۆ ، بۆیە بەرهەڵستی کردنی ، لە لایەك پێویستی بە پرۆژەو یاسای زانستیانە هەیە ، لەلاکەی تری بەرژەوەندی و خۆ نەویستی سەرکردایەتی گەرەکە، بۆ ئەوەی لەرێگەی پسپۆران و دلسۆزانی ئەم بوارە سودمەند بین و بەرەنگاری ببینەوە . چونکە بەردەوام بون لەسەری کاریگەری نێگەتیفی دەبێت لە سەر ئاستی سیاسی هەرێمەکە ، لە ناوەوە و دەرەوە .

هۆکارەکانی گەندەڵی زۆرن بەڵام ئەمرۆ لەکوردستان سەرەکیترین هۆکار سیاسی یە ، کە خۆی لە باڵا دەستی حیزب و دەست تێوەردانیان لە کاروباری ئیداری بێچوە حکومەتەکەیدا دەبینێتەوە ، نەبونی کەشی سیاسی تەواو وبوار نەدان بۆ سەرهەڵدانی راگەیاندنی ئازاد هێشتنەوەی بە لاوازی لە ژێر چەپۆکی کاریگەری حیزبی .

هەروەها ئەمرۆ تێکەڵیەکی ئالۆز لەنێو دەستەڵاتەکان بەدی دەکرێ ، هیچ یەکێك لە دەستەڵاتە ئیداریەکانی لە ( پەرلەمان ،حکومەت دادگا، راگەیاندن ) لە کارە ئیداریەکانیان سەربەخۆنین ، میکانیزمی کارکردنیان لە دەرەوەی بیناکانیان بریاری لەسەر دەدرێت ، حیزب باڵا دەستی تەواوی هەیە لە سەرجەم بریارەکان ، ئەوەی مایەی دڵخۆش کەریە ئەمرۆ لەناوەندی بریاردەرەکان هەندێ هۆکاری گەندەڵی دەخرێتە روو ، بەنمونە چاوپێکەوتنەکەی بەرێز عوسمان بانی مارانی لە رۆژنامەی میدیای ژمارە 290ی 2007/6/22 ، کۆمەڵێ هۆکاری نا تەندورستی بە روونی خستە روو ، کە ئەوی گرنگە لامان بەرێزی سەرۆکی فراکسیزیۆنی سەوزی پەرلەمانە ، کە دەڵێت : (حکومەت زۆر گوێ لە پەرلەمان ناگرێت )، ئەمە بەتەنها لە ئاستیا راوەستانی دەوێت ، پێویستە چەندان بابەتی لەسەر هۆکارەکانی بنوسرێت.

لە هەمان دیمانە دەڵێت " ئەگەر پەرلەمان تەندورست بێت و، سیستەمی پەرلەمانی بێت ، نەك کەسێکی دیکە هەبێت خۆی لە پەرلەمان بە گەورە تر دابنێت ،دەبێت بودجەی هەرێمی کوردستان بێتە پەرلەمان و لەوێ دابەش بکرێ ، بەسەر وەزارەتەکان ، دواتر بەدواداچون بکات لەسەر چۆنیەتی سەرف کردنی ، بەڵام ئەگەر ئەو بودجەیە نەهاتە پەرلەمان و پەرلەمان نەزانێت چەندە ، شەفافیەت نەبوو ، حکومەت بۆ خۆی هەمووی بکات ، دەستەڵاتەکانی لە پەرلەمان زیاتر بێت

چی بکەین ".

هەرچەندە دەبوایە بەرپرسی دارایی پەرلەمان ڕاستی ئەم لێدوانانەی پشت ڕاست بکردابایەتەوە ، لەگەڵ ڕون کردنەوەی لایەنی یاسایی هۆکاری چونی بودجە بۆ حکومەت ،چونکە دەتوانین بڵێن ئاشکرا کردن و پەسند کردنی بودجە ، لەلایەن پەڕلەمانەوە ، بە کارە هەرە سەرەتایەکانی بوونی دەستەڵاتی یاسا دادەنرێت لە سەر ئاستی هەموو جیهان .

بەڕاستی ئەم لێدوان و چاوپێکەوتن و نوسینانەی کەڕۆژانە لەرۆژنامەکان و سایتە کوردیەکان بلاْو دەکرێنەوە ، سەرجەمیان ڕای گشتی کوردی پێك دەهێنن ، زۆربەیان دەستنیشانی جۆرەها پێشێلکاری و زاڵ بونی گەندەڵی و دەربڕینی بێتوانایی بڕیاردەرانی سیاسی کوردی لە خۆ دەگرێت، زۆری وەزارەتی بێ کار و باڵادەستی حیزبە سیاسیە دەستەلاْتدارەکان و مۆنۆپۆل کردنی سەرمایەی کوردستان دەگرنە خۆ ، بۆیە کاتی ئەوە هاتوە ،کە کار لەسەر چاکسازی بکرێت ، هەموو ئەو ڕەخنەو پێشنیارانە کۆ بکرێنەوە بۆ ئەوەی هەوڵی ڕێگا چارەی گونجاویان بۆ دابنرێت.

ئەمرۆ ئەوەی دڵخۆشکەرە ، هەست بە بوونی سەرەتاکانی پیادەکردنی دیموکراتی دەکرێت ، بەتایبەتی لە چاوپێکەوتن و دیدارەکانی بەرپرسان لە دەزگاکانی ڕاگەیان و دان نان بە بوونی گەندەڵی ، دەربڕین و دەست نیشان کردنی هۆکارەکانی بەرەو پێش نەچونی کارە حکومیەکان ، هەروەك ماوەیەك بەرلەئێستا لەدیمانەیەکی بەڕێز د. زریان وەزیری تەندورستی لەگەڵ (k tv) ئەنجامی دا کۆمەڵێك هۆکاری خستەڕوو لەسەرویانەوە زۆری ڕێژەی ڕۆتین لەناو دام و دەزگاکان . ، هەروەها نوسینێکی بەڕێز حاکم شێخ لەتیف شێخ صالح بەناوی (پەرلەمان یەکەم وێستگەی چاکسازی و بە گژاچونەوەی گەندەڵی و بەدیهێنانی دەوڵەتی یاسایە ) کە لە ڕۆژنامەی ئاوێنە ژمارە (72) 2007/6/5 لە لاپەڕە 13 بلاْوکراوەتەوە ، کەتیایدا بانگێشە دەکات بۆ پرۆژەی کارا کردنی پەرلەمان ، کە پێویستە سەرجەم خەم خۆران بەدەنگ پێشنیارەکەی بچن ، کە پرۆژەکە دەبێتە سەرەتایەك بۆ چاکسازی و کەم کردنەوەی ئەم دیاردە ناشارستانیانە .

نەخۆشیەکەمان دیارە چارەسەریشی لە دەستی سەرکردایەتی کوردەو ، ئەوەندە ش بە زەحمەت نابینرێت ، بۆ ئەوەی ئێمەش مێژویەکی قەشەنگ بۆ خۆمان بەرجەستە بکەین و بۆ ئەوەی ئەو درزو دابڕانە گەورەی نێوان جەماوەرو حکومەتی کوردی نەهێڵین ، زۆر بوێرانە سنورێك بۆ کارە دزێوەکانی لێپسراوان دابنێن پێویستە خۆمان لە حکومەتی پلۆتۆکراسی و حکومەتی مۆبۆکراسی ڕزگار بکەین .

بۆیە زۆربەی شارەزایانی ئەم بوارە وای دەبینن کە :

هەوڵ بدرێ بۆ پاراستنی سەروەری یاسا و دورکەوتنەوەی شەبەحی بالاْ دەستی حیزب بەسەر کاروبارە ئیداریەکان .

هەوڵدان بۆ پێکهێنانی دامەزراوێکی بالاْ ی بەهێز لە ژێر هەرج ناوێك بێت ، کارەکانیان بۆ بە گژا چون و نەهێشتنی گەندەڵی بێت ، بەمەرجێك بەبڕیاری زانستیانە کار بکات وە کارەکانیان بە هاوکاری و ڕاوێژ کردن بێت لەگەڵ پەرلەمان .

ئەرکەکانی بریتی بێت لە :

سزادان و گۆڕینی و بەرپرسانی گەندەڵ و دامەزراندنی خەڵکی شارەزاو ئەکادیمی و دەست پاك ودلسۆز لە جێگەیان .

کاردن لەسەر بنەمای شەفافیەت و خۆ دورگرتنیان لە کەوتنە ژێر کاریگەری هیچ دەستەلاْتێکی دەرەوەی سنوری کارەکانیان .

چاودێری کردنی توندی بودجەی هەرێم و سەرجەم داهاتەکانی ( گومرك و باجەکانی ناوخۆ).

پەرە پێدان و کارا کردنی وەزارەتەکان و لادانی ئەو وەزارەتانەی کە دەوری بەڕیوەبەرایەتیکیش نابینن و، تا ئیستا خەڵك ئاشنا نین بە ناوی وەزیرو وەزارەتەکەی چ جای کارەکانیان .

سەبارەت بە کێشەی هاولاْتیان ، پێویست دەکات لەسەر دامەزراوەکە چەند هەیئەتێکی هەبێت بۆ بەدواداچونوو چۆنیەتی چارەسەر کردنی کێشەکانی هاولاْتیان لە ڕێگای چاودێری کردنی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان ، لە پێشەوەی کارەکانیان هەوڵ بدەن کێشە بنەڕەتیەکانی هاولاْتیان چارەسر بکەن لەوانە :

هەوڵ بدرێ نرخی کالاْ بنەڕەتیەکان دیاری بکرێت .

سنورێك دابنێین بۆ بەناو بازاڕی ئازادی هەرێم ، کە شێواندنێکی گەورەی تیا بەدی دەکرێت .

نەهێشتنی دیاردەی مۆنۆپۆلی زۆرەملێ لە کۆمپانیە خزمەت گوزاریەکان نمونەی ( کۆرەك تیلکۆم و ئاسیا سێل ) کە پاش تێکەڵبونەوەی حکومەتیش کێشەکەیان وەك وەزارەتی دارایی و ناوخۆ و پێشمەرگە ، چەقی بەستوە و ، چارەسەر ناکرێت .

چارەسەر کردنی کێشەی کرێ خانوو دابین کردنی شوێنی نیشتەجێ بوون بۆ هاولاٌتیان ، دوور لە شێوازی ئێستا کە هەر شوقەیەك پارەی دوو خانووی تێ دەچێت تەنها سەرمایەدارەکان دەتوانن لێ سودمەند بن .

بایەخ دان بە بەهێز کردنی ژێرخانی ئابوری کە بەهۆی ئاوەدان کردنەوەی گوندەکان و دابین کردنی خزمەت گوزاریە پێویستەکانی ژیانی لادێ نیشینەکان دەستەبەر دەبێت .

هاوسەنگ کردنی نرخی بازاڕ و پێداویستیەکان ، بەرامبەر موچەی فەرمانبەران ، بۆ ئەوەی هیچ کەسێك هەوڵی دوو موچەو چەند کارێك نەدات .

دابین کردنی پێداویستیە ژیاریەکان ، لە ئاو ، کارەبا ، سوتەمەنی ، کەوا لە ولاٌتە پێشکەوتوەکان و هەندێ ولاٌتی جیهانی سێیەمیش بە شێوەیەکی بەردەوام و بێ گرفت دەست دەکەوێت .

بۆ نوسینی ئەم بابەتە سود لەم سەرچاوانە بینراوە :

( 1، 2،3،4) واعیزەکانی سولتان / لە نوسینی عەلی وەردی

(5) دیاردەی گەندەڵی لە کۆمەڵگاکاندا / لەنوسینی محمد فاتح / نۆڤین ژمارە (8)

(6) جگە لەو هەردوو ڕۆژنامەی کە لە بابەتەکە ناوم هێناوە